Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080401

# ڕۆڵی تەواوکەر لە پێکهاتەی ڕستەدا

ئازاد ئەحمەد حسەین
بەشی کوردی / کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

**Keywords**

تەواوکەر ، پێکهاتەی ڕستەدا، ڕێزمان

**Corresponding Author**

azad.hussain@univsul.edu.iq

**پوختە**

ناونیشان و بواری توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە تایبەتە بە ( ڕۆڵی تەواوکەر لە پێکهاتەی ڕستەدا )، لە زمانی کوردیدا – شێوەزاری سلێمانی، بواری توێژینەوەکەیش لە ئاستی ڕستەسازیدایە، کە لێکۆڵینەوە لەم ئاستەی زماندا، بەبێ واتا نابێت، چونکە ڕستە وەك کەرەستە و دانەیەکی زمانی، دوو دیوی هەیە، یەکێکیان فۆڕمەکەیەتی و ئەوی تریشیان ناوەرۆك ، یان واتاکەیەتی.

گرنگیی توێژینەوەکە: توێژینەوەکانی پێشتر ، کە لەبارەی تەواوکەرەوە ئەنجامدراون، یان ئاماژەیان بۆ تەواوکەر تێدایە، زیاتر گرنگییان بەو تەواوکەرانە داوە، کە لەناو فرێزی کرداریدان، بەبێ ئەوەی باس لەو جۆرانە بکەن، کە دەکەونە ناو فرێزی ناوییەوە. لەم توێژینەوەیەدا، تەواوکەرەکانی هەردوو پێکهاتەکەی ڕستە ( فرێزی ناوی و فرێزی کرداری ) شیکراونەتەوە و خراونەتەڕوو. لە لایەکی ترەوە، لە سەرچاوە ڕێزمانییە کوردییەکاندا، تەنیا ئاماژە بۆ ئەو تەواوکەرانە کراوە، کە پەیوەندییان بە لایەنی ڕۆنان و واتای ڕستەوە هەیە، واتە بە لابردنیان لایەنی ڕێزمانی و واتایی ڕستە دەشێوێت. لەم توێژینەوەیەدا، باس لەو تەواوکەرانەیش کراوە، کە کاریگەریان لەسەر بیر هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە لایەنی ڕێزمان و واتای ڕستەوە هەبێت.

واتە ئەو ڕاستییە خراوەتەڕوو، کە تەواوکەر مەرج نییە، هەمیشە ئەگەر لە ڕستەدا لابرا، لایەنی ڕێزمانی و ناوەڕۆکی ڕستە تێکبچێت، بەڵکو هەندێك جۆری تەواوکەر هیچ کاریگەرییەکیان لەو ڕووەوە نابێت.

## پێشەکی

گرنکیی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکانی پێشتر ، کە لەبارەی تەواوکەرەوە ئەنجامدراون، یان ئاماژەیان بۆ تەواوکەر تێدایە، زیاتر گرنگییان بەو تەواوکەرانە داوە، کە لەناو فرێزی کرداریدان، بەبێ ئەوەی باس لەو جۆرانە بکەن، کە دەکەونە ناو فرێزی ناوییەوە. لەم توێژینەوەیەدا، تەواوکەرەکانی هەردوو پێکهاتەکەی ڕستە ( فرێزی ناوی و فرێزی کرداری ) شیکراونەتەوە و خراونەتەڕوو. لە لایەکی ترەوە، لە سەرچاوە ڕێزمانییە کوردییەکاندا، تەنیا ئاماژە بۆ ئەو تەواوکەرانە کراوە، کە پەیوەندییان بە لایەنی ڕۆنان و واتای ڕستەوە هەیە، واتە بە لابردنیان لایەنی ڕێزمانی و واتایی ڕستە دەشێوێت. لەم توێژینەوەیەدا، باس لەو تەواوکەرانەیش کراوە، کە کاریگەرییان لەسەر بیر هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە لایەنی ڕێزمان و واتای ڕستەوە هەبێت.

واتە ئەو ڕاستییە خراوەتەڕوو، کە تەواوکەر مەرج نییە، هەمیشە ئەگەر لە ڕستەدا لابرا، لایەنی ڕێزمانی و ناوەڕۆکی ڕستە تێکبچێت، بەڵکو هەندێك جۆری تەواوکەر هیچ کاریگەرییەکیان لەو ڕووەوە نابێت.

ئامانجی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە، لە لایەکەوە هەوڵدانێکە بۆ داڕشتنی پێڕەوێکی وردی کردار بەشێوەیەکی گشتی، لە زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی، پەیوەست بە جۆرەکانی تەواوکەر و ڕۆڵیان لە پێکهاتەی ڕستەدا ، هەروەها توێژینەوەکە کردار لە ڕوانگەی ئەو کردانەوە پۆلدەکات، کە بەهۆی تەواوکەرەکانەوە جێبەجێیان دەکەن، لە لایەکی ترەوە توێژینەوەکە دەیەوێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت، کە دەرخەر لە فرێزی ناویدا مەرج نییە لە هەموو بارێکدا ، یان هەمیشە کەرەستەیەکی سەربار بێت.

ڕێبازی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە پەیڕەوکراوە، لە ڕوانگەی تیۆرەکانی ( حوکمکردن) و ( بەستنەوە )ی چۆمسکی، کە دوو لقە تیۆری ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوەن .

کەرەستەی توێژینەوەکە :

کەرەستەکانی توێژینەوەکە، لە ئاخاوتنی ئەمڕۆی قسەکەرانی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون.

دەروازە و دەستپێك :

تەواوکەر دەبێت لە سێ ڕەهەندەوە لێی بکۆڵرێتەوە و تیشکی بخرێتەسەر، کە ئەمانەن :

1- ئەو فرێزانە کامانەن ، کە ئەم ڕۆڵە دەبینن؟

2- ئەرکی سینتاکسییان چییە؟

3- کاریگەرییان لە سنوری ڕستەدا، لە چ ڕوویەکەوەیە؟

ڕستە بە شێوەیەکی گشتی لە (ناو) و ( کردار) پێکدێت. (ناو) ، یان ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە بۆ ناو دروستەی ڕستە دێت، یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی پرپێۆزیشنەکانەوە. هەرچی (ئاوەڵناو)ە ، ئەرکی دەرخەری لەناو فرێزە ناوییەکاندا دەبینن. ئەرکە سینتاکسییەکان لە سنووری ڕستەدا، بریتین لە (دەرخەر، بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ ) .

دەشێت فرێز هەبێت، هیچ یەکێك لەو ئەرکانەی نەبێت، لەم بارەدا تەنیا وەك تەواوکەرێك بەبێ ئەرکی سینتاکسی ڕەفتار دەکات، وەك ئەو فرێزە ناوییانەی، لەگەڵ کرداری ( بوو) دا دێن، وەك :

– دارا ئەندازیار بوو.

– ئێمە خوێندکارین.

ئەرکە سینتاکسییەکانی ( بکەر ، بەرکار ) بە خورتین، واتە ئەو فرێزە ناوییانەی ئەو دوو ئەرکە دەبینن، تەواوکەرن، ( ئەدڤێربڵ )ەکانیش، بەپێی چەشنی کردار، یان سەربار دەبن، یان تەواوکەر. ئەرکی ( دەرخەر) لە دروستەی فرێزە ناوییەکاندا دەشێت تەواوکەر، یان سەربارین.

فرێزی ئاوەڵناوی :

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، فرێزە ئاوەڵناوییەکان ئەرکی تەواوکەر لەناو فرێزە ناوییەکاندا دەبینن، نەك لەناو فرێزی کرداریدا ، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

– ئارام زیرەك بوو .

فرێزە ئاوەڵناویی ( زیرەك)، لە جێکەوتەی فرێزێکی ناویدا هاتووە، کە ( خوێندکارێکی زیرەك)ە، لەبەر ئەوەی دەرخراوی فرێزەکە ئاشکرایە، بە یاسایەکی گواستنەوە لابراوە و ( زیرەك) ، کە (دەرخەر)ێتی، شوێنی فرێزە ناوییەکەی گرتۆتەوە و ئەرکەکەی، کە (تەواوکەری ) یە، بە ئەنجامگەیاندووە، واتە لەم جۆرە ڕستانەدا، ناشێت بوترێت: ( فرێزی ئاوەڵناوی ئەرکی تەواوکەری بکەر لە گوزارەی ڕستەدا دەبینێت ( بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە : محەمەد عومەر عەول، 2008: 50).

واتە فرێزی ئاوەڵناویی ( زیرەك)، تەواوکەری ناوێکی پێش خۆیەتی، کە بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەری ( ی ) پێوەی گرێدراوە و ( فرێزێکی ناوی ) یان بەیەکەوە داڕشتووە، بەمجۆرە:

– ئاسۆ خوێندکارێکی زیرەك بوو .

– ئاسۆ کەسێکی زیرەك بوو .

– ئاسۆ پیاوێکی زیرەك بوو .

وەك لە ڕستەکاندا دیارە، فرێزە ناوییەکان تەواوکەری بکەری ڕستەکانن، نەك ئاوەڵناوی (زیرەك) .

لقکردنی کاتیگۆرییانە :

کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەك ( ناو ، کردار ) ، بە زاراوەی ڕۆنانی ( سەر) یان پێدەوترێت، لە بەجێهێنانی ئەرکە سینتاکسییەکانیدا، لە هەندێك باردا پێویستییان بە تەواوکەر دەبێت، بۆ ئەوەی فرێز دابڕێژن. پرۆسەی یەکگرتنی سەر و تەواوکەر بۆ پێکهێنانی فرێز، لقکردنی کاتیگۆرییانەی پێدەوترێت (URL :http://www.Sikewp/2006/-006.html. ).

لقکردنی کاتیگۆرییانەی کردار:

مەبەست لە واتای کردار، ئەو کردە فیزیکییەیە، کە بەهۆی ڕوودانەکەیەوە ڕوودەدات، کە لە هەر شوێن و زمانێکدا بێت، هەمان شتن و وەك یەکن ( عومەر مەحموود ،2004: 28). کردار بۆ ئەوەی ئەرکی کردەیی لە ڕستەدا جێبەجێ بکات، تەواوکەر لەڕووی واتاییەوە هەڵدەبژێرێت و ڕێگایان پێدەدات، کە لە دروستەی ڕستەدا بوونیان هەبێت. کردار و تەواوکەرەکانی پێکەوە دەروازەی فەرهەنگیی کردار دیاری دەکەن ( بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی دەروازەی فەرهەنگیی کردارەوە، بڕوانە: Van Valin ,2001: 160 ) . بۆ نموونە کردارێکی وەك ( تێیگرت) ، دەروازە فەرهەنگییەکەی بەمجۆرە دەبێت :

– منداڵەکە بەردی لەماڵەکە گرت.

تێبگرت : [ PP – NP + V ].

دەروازەی فەرهەنگی ، ( دەروازەی زانیاری ) یشی پێدەوترێت، تەواوکەرەکانی کرداریش لە شێوەی فرێز ، یان لاڕستەدا دەبن. زاراوەی ( ئارگومێنت )، کە لە لۆجیکی ماتماتیکییەوە وەرگیراوە، بەرانبەر بەو کەرەستە سینتاکسییانە بەکاردەهێنرێت، کە لە لایەن کردارێکەوە داوادەکرێن ( Mathews ,1997 : 24 - 25 ). واتە ئەو فرێزە ناوی و پریپۆزیشنیانەن ، کە بە پەیوەندییەکی سینتاکسی ( بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ ) ، یان واتایی ( کارا، کارتێکراو ، ... هتد)، بە کردارێکەوە بەستراون ( Trask(1993) :25). کەواتە کردەکانی کردار، بۆ ئەوەی تەواوبن، پێویستیان بە تەواوکەر دەبێت، چونکە مەرج نییە، کردار بە تەنیا لە هەموو ڕستەیەکدا بتوانێت (بارێك، ڕووداوێك، دیاردەیەك، ....هتد) بگەیەنێت. کردار کەرەستەیەکی ئارگومێنت داواکەرە و زانیاری لەبارەی کەرەستە زمانییەکانەوە لە خۆیدا هەڵگرتووە و پەیوەندی نێوان کەرەستە زمانییەکان دیاریدەکات (Cook ,1997 : 164 ) .

کردەی کردار جۆر و ژمارەی تەواوکەرەکانی، بەپێی سروشت و داواکارییەکانی خۆی دیاریدەکات، واتە چۆنیەتی و جۆری کەرەستە زمانییەکان ( فرێزەکان ) لە ڕستەدا هەڵدەبژێرن.

هەموو فرێزە کردارییەکان ڕۆنانێکی ئارگومێنتی خۆیانیان هەیە، واتە فرێزە کرداریەکان بەهۆی ئەو ئارگومێنتانەوە دیاریدەکرێن، کە کردارەکان داوایاندەکەن و پێویستییان پێیان هەیە. واتە ئارگومێنتەکان بەشداریکەرن و هاوبەشی لە بارێك، یان چالاکییەکدا دەکەن، کە بە هۆی کردارێکەوە دەردەبڕدرێن ( Hageman ,1998: 43 ) .

بیرۆکەی هاوبەشەکانی کردار لە چالاکییەکدا، لەسەر بنەمای ئەو ڕێبازەیە ، کە بە شێوەیەکی گشتی لە لۆجیکدا پشتی پێدەبەسترێت ( Cruse ,2000: 19 ) . نواندنی فەرهەنگی کردارەکانیش، لە واتاکانیان و دیاریکردنی ئارگومێنتەکانیانەوە دادەڕێژرێت. لقکردنی کاتیگۆرییانەی کردار، هەموو تەواوکەرە ناوەکییەکانی کردار ( ئەوانەی جێکەوتەکانیان لەناو فرێزی کرداریدایە) دیاریدەکات، بەڵام باس لە بکەر ناکات، واتە بکەر ناچێتە ناو چوارچێوەی لقکردنی کاتیگۆرییانەی کردارەوە، هەرچەندە یەکێکە لە فرێزە تەواوکەرەکانی کردار، چونکە هەموو کردارێك بکەرێکی هەیە، واتایی بێت، یان ڕێزمانی. هەموو ئەو کردانەی، کە کردار جێبەجێیان دەکات، بریتین لە گوزارشت و گەیاندنی زانیاری، لەبارەی فرێزی ناویی بکەرەوە، لەم پێناوەیشدا، کردار چەند ئارگومێنتێکی پێویست دەبێت، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزماندروست و واتادار دابڕێژێت، بە ژمارە و سروشت و جۆری ئەو ئارگومێنتانە، دەوترێت (( دروستەی ئارگومێنت ))، کە واتای کردار و کردەکەی، پەیوەستە پێیانەوە. لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بە جێکەوتەی فرێزە ناوی و پریپۆزیشنییە بەخورتییەکان ( تەواوکەرەکان ) ی ڕستە دەوترێت ئارگومێنت، کە ئەرکە سینتاکسییەکانی ( بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ) دەبینن ( ئەم زانیاریانە بە دەستکارییەوە لە – د. محەمەد مەحوی ، د. کاروان عومەر قادر ، م. شیلان عمر ، 2010: 75 - وەرگیراوە ). ئەو توخمە زمانییانەیش، کە زانیاریان دەربارەی یەکەیەك و پەیوەندییەکانی ئەو یەکەیەیان تێدایە، دەوترێت ( ئارگومێنت داواکەر) و بەرانبەر بەو یەکەیەیش زاراوەی (ئارگومێنت) بەکاردەهێنرێت. ( Cook & New son, 1997:160 ).

ئارگومێنت داواکەر ( کردار ) :

یەکەیەکی فەرهەنگییە، زانیاری لەبارەی کەرەستە زمانییەکانەوە لەخۆیدا هەڵگرتووە، پەیوەندیی نێوان کەرەستە زمانییەکان دیاریدەکات ( Ibid : 164). کردار ئاماژە بە ڕووداو یان چالاکی دەدات ( Radford ,1997: 127 ). دەتوانرێت بۆ ئارگومێنت داواکەری کرداریی یەك جێکەوتەیی، دوو جێکەوتەیی، ... هتد پۆلبکرێت ( Crystal , 2003 : 367 ) ، واتە کردەی کردار، جۆر و ژمارەی ئارگومێنتەکانی، بەپێی سروشت و داواکارییەکانی خۆی دیاری دەکات.

ئارگومێنت داواکراو ( تەواوکەر ) :

ئەو فرێزە ناوی و پریپۆزیشنییانەن، کە پەیوەستن بە کردارەکانەوە و بەپێی تایبەتمەندیی کردارەکان ڕێکدەخرێن. پەیوەندییەکانیان دیاریدەکرێن (Cook 1997: 164). واتە ئارگومێنت داواکەر بە گشتی لە ڕۆنانی ڕستەدا ( بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزماندروست و واتادار) دا، کەرەستەیەکی بەخورتی و پێویستن، جگە لەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گۆڕینی بیری قسەکەر ، لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر هەیە، کە لەم بارەدا هاوبەشی ڕۆنانی ڕستە ناکەن، لە برگەکانی دواتری توێژینەوەکەدا، ئەم لایەنەی تەواوکەر بەوردی تیشکی خراوەتەسەر.

کەواتە لە ڕوانگەی کردار و تەواوکەرەکانییەوە ، ڕستە بریتی دەبێت لە :

فرێزی ناویی بکەر+ ئارگومێنت داواکراو ( تەواوکەر )+ ئارگومێنت داواکەر ( کردار).

فرێزی ناویی بکەر + ئارگومێنت داواکەر ( کردار ) .

هێزی کردار :

مەبەست لە هێزی کردار ژمارەی ئەو فرێزانەیە ، کە کردارێك داوایان دەکات و پێویستێتی، بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕستەیەکی ڕێزماندروست و واتادار دابڕێژێت. واتە فرێزەکان تەواوکەری کردەی کردارن و پەیوەست پێیانەوە کردار پۆلدەکرێت و پێڕەوەکەی دیاری دەکرێت. فرێزی ناویی بکەر، هەرچەندە پێویستییەکی بەخورتی ڕۆنانی ڕستەیە ، بەڵام بەدەرە لە تەواوکەرەکانی کردار، چونکە هەموو کردارێك خاوەنی بکەرە، واتایی بێت، یان ڕێزمانی، لەبەر ئەوە ناکرێت لەسەر بنەمای بکەر کردار پۆلبکرێت .

دەتوانرێت ، تەواوکەرەکانی کردار بۆ دوو چەشن دابەشبکرێن :

( تەواوکەرە ڕۆنانییەکان ) و ( تەواوکەرە بیرییەکان ). تەواوکەرە ڕۆنانییەکان ئەوانەن، کە هاوبەشی لە داڕشتنی فرێزی کرداریدا دەکەن و بەبێ بوونیان ، فرێزی کرداری ڕۆنانێکی ناتەواوی دەبێت و لە ئەنجامدا ڕستە ناڕێزمانی و واتا نادروست دەبێت. هەرچی تەواوکەرە بیرییەکانە، کاریگەرییان لەسەر ڕۆنانی فرێزی کرداری نابێت، بەڵکو بیر و مەبەست لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر دەگۆڕن.

لە ڕوانگەی هێزەوە ، کردار بە گشتی بۆ ( تێنەپەڕ ) و ( تێپەڕ ) جیادەکرێتەوە.

کرداری تێنەپەڕ :

دەکرێن بە دوو بەشەوە: ( بکەر دیار ، بکەر نادیار).

کرداری بکەر دیاریش دوو جۆرە :

1 – بنچی : ئەوانەن ، کە لە فۆرمێکی سێ مۆرفیمی ( ڕەگ + کات + کەس ) پێکهاتوون و هیچ مۆرفیمێکی بەند، یان سەربەستی کردار داڕێژەریان لەگەڵدا نییە، ئەم جۆرە کردارانە ( یەك جێکەوتەیی ) ن، واتە کردارەکان

تەنیا بە یاریدەی فرێزی ناوی بکەر ڕستە دادەڕێژن و سیماکانیان بریتین لە : کردار[ فرێزی ناوی ] :

- منداڵەکە نوست.
- دارا هات .

2 – نابنجی : لە تێنەپەڕە بنجییەکان، بە یاریدەی مۆرفیمە بەندەکان و سەربەستەکان سازبوون و بۆ دوو کۆمەڵ جیادەکرێنەوە،

أ – دارێژراو : دوو جۆرن : -

یەکەم : ئەوانەیان، کە ناوی ڕووداوەکانیان لە فەرهەنگدا، یەکێك لە پێشگرەکانی ( لێ، پێ ، تێ ) یان لەگەڵدایە ، وەك ( لێچوون ، تێچوون، پێکەوتن، لێهاتن، پێهاتن، ....هتد) ، وەك :

- پارەیەکی زۆر لە کارەکە چوو.
- ئاسۆ لە براکەی دەچێت.
- خواردنەکە بە نەخۆشەکە کەوت.

ئەم کردارانە دوو جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە : کردار[ فرێزی ناوی] ، [ فرێزی پریپۆزیشنی ] .

دووەم : ئەو تێنەپەڕە دارێژراوانەی، کە بە یاریدەی پێشگرەکانی ( هەڵ ، دا، ڕۆ ، ....هتد) و تێنەپەڕە بنجییەکان پێکهاتوون. ئەم چەشنە کردارانە بۆ ( دوو جێکەوتەیی ) و ( یەك جێکەوتەیی) پۆلدەکرێن، وەك :

- ئەو لەگەڵ ئێمەدا پێکهات.
- دارا لەگەڵ کارکردن ڕاهات.

دوو جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە: کردار[ فرێزی ناوی]، [ فرێزی پریپۆزیشنی].

- شیرەکە هەڵچوو.
- منداڵەکە دانیشت.

یەك جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە : کردار[ فرێزی ناوی ] .

ب – لێکدراو : ئەوانەن، کە لە کردارە تێنەپەڕە بنجییەکان، بە یاریدەی مۆرفیمی سەربەست ڕۆنراون ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: 1- یوسف شریف سعید ( 1998). 2- محەمەد عومەر عەول (2002) ، 3- ئازاد ئەحمەد حسەین (2008)) ، بۆ چوار کۆمەڵ پۆلدەکرێن:

1 – یەك جێکەوتەیی ، وەك :

- دوژمن لەناوچوو.
- بەندکراوەکان ئازادبوون.
- هەناسەی نەخۆشەکە سواربوو.
- منداڵەکە بە چاوەوە بوو.

ئەم کۆمەڵە کردارە ، لەگەڵ فرێزی ناوی بکەردا، بیر دەگەیەنن، واتە پێویستیان بە تەواوکەر نییە و سیماکانیان بریتین لە کردار[ فرێزی ناوی ].

2 – یەك جێکەوتەیی بەهۆی کەرتی یەکەمی کردارەکانەوە ، وەك :

- پەکی نەخۆشەکە کەوت.
- ڕۆحی منداڵەکە چوو.
- گیانی دەرچوو.
- دڵی تێکەڵهات.

ئەم کۆمەڵە کردارە ، کەرتەکانی یەکەمیان ئەرکی بکەر بۆ بەشی کرداریی کردارە لێکدراوەکە دەبینن، واتە بە گەردانکردنی کردارەکە، ڕستە بەرهەمدێت و سیماکانیان بریتین لە: کردار[ فرێزی ناوی ].

3 - دوو جێکەوتەیی ، وەك :

- چاویان بە من کەوت.
- خەو لە منداڵەکە کەوت.
- نەوزاد لە ئاسۆ بێزاربوو.
- ئاگر لە ماڵەکە بەربوو.

ئەم جۆرە کردارانە، داوای فرێزێکی پریپۆزیشنی بۆ فرێزە کرداریەکانیان دەکەن و سیماکانیان بریتین لە : کردار[ فرێزی ناوی ]، [ فرێزی پریپۆزیشنی ].

4 – دوو جێکەوتەیی، بەهۆی لاڕستەی تەواوکەرەوە:

- ژنەکە بە ئاواتەوە بوو، (کە) کوڕەکەی ببینێت.
- پەشیمان بووم، (کە) یارمەتیم دان.
- نیازمان هەیە ، (کە) سەردانتان بکەین.
- ئێمە ئاگاداربووین، (کە) نایەیت.

ئەم کۆمەڵە کردارە، پێویستیان بە لاڕستەیەکی تەواوکەر هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ فرێزی ناوی بکەردا، ڕستەیەکی واتادار دابڕێژن، و سیماکانیان بریتین لە : کردار[فرێزی ناوی]، [ لاڕستە].

کرداری تێنەپەڕی بکەر نادیار :

ئەو کردارانەن ، کە خاوەنی بکەری ڕێزمانین و بکەرە واتاییەکانیان لە شوێنی بنجی خۆیاندا دیارنین، بەڵکو دەشێت لەشێوەی فرێزێکی پریپۆزیشنیدا، لەناو فرێزی کرداریدا دەرکەوتن، کە ئەرکی ئەدڤێربڵ دەبینن (بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کرداری نادیار بەگشتی، بڕوانە : فەرەیدون عەبدول محەمەد ، 2008) .

ئەم کردارانەش ، دوو کۆمەڵن، کە یەك جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە : بکەر [ فرێزی ناوی ] .

أ – تێپەڕە ئەلفییەکان :

- شوشەکە شکا.
- ئاوەکە ڕژا.
- خانووەکان ڕووخان.

ب – هەندێك کرداری تێنەپەڕی تر ، وەك : ( مرد ، کەوت ، ....هتد) :

- نەخۆشەکە مرد.
- منداڵەکە کەوت .

لەم هێڵکارییانەدا، پێڕەوی کرداره تێنەپەڕەکان، پەیوەست بە تەواوکەرەکانیانەوە نیشاندراون :




کرداری تێپەڕ:

بۆ دوو کۆمەڵ پۆلدەکرێت :

(1) بنجی : تەنیا لە ڕەگی کردار و مۆرفیمە سینتاکسییەکانی کردار پێکهاتوون، واتە هیچ مۆرفیمێکی دارێژەری لەگەڵدا نییە، دەکرێن بە دوو بەشەوە:

أ – ڕێژەیەکی زۆریان بە یاریدەی دوو فرێزی ناویی، کە یەکەمیان ئەرکی بکەر و دووەمیان ئەرکی بەرکار دەبینێت، دروستەی ڕستە پێکدەهێنن، واتە دوو جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە : کردار [ فرێزی ناوی ] ، [ فرێزی ناوی ] ، وەك :

- منداڵەکە سێوی خوارد.
- خوێندکارەکان وانە دەخوێنن .

ب – ژمارەیەکی کەم لە کردارە تێپەڕە بنجییەکان، دەتوانن بەرکار لەشێوەی لاڕستەدا وەربگرن، واتە دوو جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتی دەبن لە: کردار [ فرێزی ناوی ]، [ لاڕستە]، وەك :

ئێمە زانیمان ، (کە) Pro نایەیت.

Pro بیستم ، (کە)، بە یەکەم دەرچوویت.

کردارە تێپەڕە هەستییەکان، وەك ( زانیم، بیستم، بینیم )، یان کرداری ( ویستم )، تەواوکەرەکانیان لەنێوان ( فرێزی ناوی ) و ( لاڕستە) دا هاوبەشن، واتە توانای وەرگرتنی هەر دوو جۆرە تەواوکەرەکەیان هەیە.

(2) نابنچی : بۆ دوو کۆمەڵ دابەشدەکرێن : ( دارێژراو، لێکدراو)، دارێژراوەکان دوو چەشنن:

أ – کۆمەڵێکیان تەواوکەرەکانیان لەشێوەی فرێزی پریپۆزیشنیدا دەبێت، ئەمانەیش ئەوانەن، کە ناوی ڕووداوەکانیان لە فەرهەنگدا، یەکێك لە پێشگرەکانی ( لێ ، پێ ، تێ ) یان لەگەڵدان، وەك : ( لێسەندن ، پێدان، پێزانین ، تێگرتن ، .... هتد) . ئەم کردارانە سێ جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە: کردار [ فرێزی ناوی]، [ فرێزی پریپۆزیشنی]، وەك:

- کامەران کتێبەکانی بە من دا .
- من تۆ بە زیرەك دەزانم .
- منداڵەکە بەردی لە ماڵەکە گرت .

ب - هەندێکی تر لە کردارە تێپەڕە بنجییەکان، بە یاریدەی پێشگرەکانی ( هەڵ ، دا، ڕۆ ،...هتد) ، سازبوون. ئەم کردارانەیش دوو جێکەوتەین و سیماکانیان بریتین لە : کردار [فرێزی ناوی ] ، [ فرێزی ناوی ] ، وەك :

- ئەوان پەنجەرەکەیان داخست.
- پۆلیس تاوانبارەکەی هەڵبڕی.
- ژنەکە جلەکانی هەڵخست.

هەرچی لێکدراوەکانیشە ، بۆ چوار کۆمەڵ پۆلدەکرێن :

أ – هەندێکیان سێ جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە: کردار [ فرێزی ناوی] ، [فرێزی ناوی] ، [ فرێزی پریپۆزیشنی] ، وەك :

- من تۆم بە زیرەك لەقەڵەمدا.
- دارا ئاسۆی لە خانەی خوێندکارە سەرکەوتووەکاندا ئەژمارکرد.

ب – کۆمەڵێکی تریان دوو جێکەوتەیین و سیماکانیان بریتین لە : کردار [ فرێزی ناوی] ، [ فرێزی ناوی] ، وەك :

- جوتیارەکان زەوییەکانیان ئاودا.
- ژنەکە ژوورەکەی پاککردەوە.
- کرێکارەکان خانووەکەیان بۆیەکرد.

پ– ژمارەیەکی تریان دوو جێکەوتەیین بەهۆی کەرتەکانی یەکەمیانەوە، کە ڕۆڵی تەواوکەر دەبینن و سیماکانیان بریتیدەبن لە: کردار[ فرێزی ناوی]، [ فرێزی ناوی]، وەك:

- پیاوخراپەکە سوێندی خوارد.
- منداڵەکە قسەی کرد.
- دوژمن هێرشی هێنا.

ت – هەندێکی تریان سێ جێکەوتەیین و داوای لاڕستەیەکی تەواوکەر دەکەن و سیماکانیان بریتی دەبن لە : کردار [ فرێزی ناوی ] ، [ لاڕستە] ، وەك :

دارا هەستی کرد، (کە) Pro دەرناچێت.

شیلان پێشنیاز دەکات ، (کە) Pro ڕۆژی هەینی بچین بۆ سەیران.

ئەوان حەز دەکەن ، (کە) لەگەڵماندا بن.

لەم هێڵکارییەدا، پێڕەوی کردارە تێپەڕەکان پەیوەست بە تەواوکەرەکانیانەوە، خراونەتەڕوو :



(کە) بچین بۆ سەیران.

تەواوکەرە بیرییەکان :

ئەوانەن ، کە هاوبەشی ڕۆنانی ڕستە، یان فرێزی کرداری ناکەن، واتە بەبێ ئەم چەشنە تەواوکەرە، فرێزی کرداری دادەڕێژێت. ئەمانە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بیر لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر هەیە، هەروەها واتا جۆراوجۆرەکانی کردارە فرەواتاکان ڕوونەکەنەوە، واتە دوو ئەرك لە سنووری ڕستەدا جێبەجێ دەکەن :

أ – گۆڕینی بیر :

لە دروستەی ئەو ڕستانەی ، کە کردارەکانیان نەرێن، بە دانانی ئەدڤێربلێك لەشێوەی ( فرێزی ناوی، یان پریپۆزیشنی ) دا ، بیری ڕستەکە دەگۆڕێت ، وەك لەم جووتە ڕستانەدا ڕوونکراونەتەوە:

– وانەکە نانوسم . ⟵ وانەکە بەدەست نانوسم.

– چێشتەکە مەخۆ . ⟵ چێشتەکە بە گەرمی مەخۆ.

– ئەم کارە ناکرێت . ⟵ ئەم کارە بە من ناکرێت.

– ناچم بۆ بازاڕ. ⟵ شەو ناچم بۆ بازاڕ.

بە بەراوردکردنی ئەو جووتە ڕستانە ، ئەو ڕاستییانە دەردەکەون، کە لە هەر یەکەیاندا واتا و مەبەستێکی جیاواز گەیەنراوە، لە ڕستەکانی لای ڕاستدا کردارەکان جێبەجێ ناکرێن ، بەڵام لە ڕستەکانی لای چەپدا بەهۆی فرێزە ئەدڤێربلەکانەوە، کە ئاماژەیان بۆ مەرج کردووە، کردارەکان جێبەجێ دەکرێن، بۆ نموونە لە ڕستەی یەکەمدا ، قسەکەر ( وانەکە) نانوسێت ، بەڵام لە ڕستەی هاوشانیدا ( وانەکە) دەنوسێت، بەڵام (بەدەست ) نا، بەڵکو بە ئامرازێکی تر. لە ڕستەی دووەمدا ، قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات، ( چێشتەکە ) نەخوات، لە ڕستەی بەرانبەریدا، داوای لێدەکات (چێشتەکە) بخوات، بەڵام ( بەگەرمی ) نا، بە هەمان شێوە لە ڕستەی سێیەمدا ، ( کارەکە) ناکرێت، لە ڕستەی بەرانبەریدا ، ( کارەکە) بە من ناکرێت ، بەڵکو دەشێت بە کەسانی تر بکرێت. لە ڕستەی چوارەمدا قسەکەر ناچێت بۆ بازاڕ، لە ڕستەکەی هاوشانیدا دەچێت بۆ بازاڕ بەڵام بە (شەو) نا . واتە لە هەر یەك لەو جووتە ڕستانەدا دوو مەبەست و بیری جیاواز دەبینرێت.

ب - خستنەڕووی واتا جۆراوجۆرەکانی کردارە فرە واتاکان :

کردارە فرەواتاکان بۆ دیاریکردنی واتا هەمە جۆرەکانیان، پێویستە فرێزێکی پریپۆزیشنی وەك تەواوکەر لەناو دروستەی فرێزە کرداریەکانیاندا هەبن، چونکە بە تەنیا لەگەڵ فرێزە ناوییە بکەرەکانیاندا ، ڕستەی لێڵ و نا ڕوون دادەڕێژن، وەك لەم ڕستانەدا ڕوونکراوەتەوە :

کردارەکانی ناوی ڕووداوی ( دەرچوون ) :

- دارا دەرچوو .          ( ڕستەیەکی لێڵە )

1- دارا لە تاقیکردنەوەکاندا دەرچوو.
2- دارا لە پێشبڕکێکەدا دەرچوو .
3- دارا لە نەخۆشخانە دەرچوو .
4- دارا لە زیندان دەرچوو.

( ڕستەی روونن )

لە ڕستەکانی (1-4) دا، هەریەك لە فرێزە پرپپۆزیشنەکانی ( لە تاقیکردنەوەکاندا، لە پێشبڕکێکەدا، لە نەخۆشخانە، لە زیندان)، کەرەستەیەکی تەواوکەرن، چونکە کرداری (دەرچوو)، بۆ ئەوەی لەگەڵ بکەرەکانیدا، ڕستەی روون و ئاشکرا دابڕێژێت، پێویستی پێیانە.

کردارەکانی ناوی ڕووداوی ( سەرکەوتن ) :

- ئاسۆ سەرکەوت .        ( لێڵ )

1- ئاسۆ بەسەر شاخەکەدا سەرکەوت.
2- ئاسۆ لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت.
3- ئاسۆ لە چاوپێکەوتنەکەدا سەرکەوت.

( ڕستەی روون )

ئەو کردارانەیش ، کە واتای جوڵەیان تێدایە، وەك ( چوو ، ڕۆیشت، بردی، هێنای ) ، داوای فرێزێکی پرپپۆزیشنی دەکەن، کە ئەرکی ئەدڤێربڵی شوێن ببینێت، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕوون و بی تەمومژی و لێڵی دابڕێژن، وەك :

- کوڕەکە چوو .            ( لەنگە )
- کوڕەکە بۆ بازاڕ چوو.  ( ڕوونە )
- منداڵەکانی برد .      ( لەنگە )
- منداڵەکانی بۆ  شانۆگەرییەکە برد.    ( ڕوونە )
- کتێبەکانی هێنا .      ( لەنگە )
- کتێبەکانی بۆ کتێبخانەی زانکۆ هێنا. ( ڕوونە )

تەواوکەر لە دروستەی فرێزی ناویدا :

ناو، کە لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەی فرێزەکانی ڕستە دێت، یان بە تەنیا دەبێت، یان کەرەستەی فەرهەنگیی تری لەگەڵدا دەبێت، کە پێش ، یان دوای ناوەکە دەگرن و زانیاری هەمە جۆر لەبارەی ناوەکەوە دەخەنەڕوو، لەبارەی ( ژمارە، سیفەت، خاوەنێتی، ڕەگەز، شوێن ، ....هتد)، بەو کەرەستانە دەوترێت ( دەرخەر)، واتە دەرخەر یەکەیەکی زانیاری گەیاندنن لە دروستەی فرێزە ناوییەکاندا. هاوکات لە ڕوانگەی ڕۆنانی فرێزیشەوە، ڕۆڵی دیار و بەرچاویان دەبێت و دەبنە کەرەستەیەکی پێکهێنەر.

دەرخەر لە هەندێك فرێزی ناویدا، کاریگەرییان لەسەر بیر دەبێت و لە هەندێك فرێزی تریشدا، هاوبەشی لە ڕۆنان و واتای فرێزەکاندا دەکەن، لەبەر ئەوە بۆ دوو کۆمەڵ پۆلدەکرێن :

یەکەم : دەرخەرەکانی پێش ناو ( دەرخراو ) :

بەشێوەیەکی گشتی، زانیاری لەبارەی ژمارەی ناوەکەوە دەخەنە ڕوو، ڕاستەوخۆ، بەبێ ئامرازی خستنەسەر، دەچنە پێش ناوەوە ، وەك :

1 - وشەکانی دەرهاویشتن و جەختکردن  ( هەر ، تەنیا ) :

- هەر / تەنیا نەوزاد دەرچووە.
- نەوزاد دەرچووە .

لە ڕستەی یەکەمدا، هیچ خوێندکارێك دەرنەچووە، تەنیا ( نەوزاد) نەبێت، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، بیرێکی جیاوازتر گەیەنراوە، چونکە لەگەڵ ( دەرچوونی نەوزاد ) دا، دەشێت خوێندکارەکانی تریش دەرچووبن. واتە بە لابردنی وشەکانی ( هەر ، تەنیا )، دوو بیری جیاواز خرایەڕوو.

2 – ئاوەڵناوی پلەی باڵا :

- زیرەکترین منداڵ هات .

-منداڵ هات.

لە ڕستەی یەکەمدا ، ئاشکرایە، کە ( یەك منداڵ ) هاتووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ، دەشێت ( زیاتر لە منداڵ ) ێك هاتبێت .

3 – ژمارە :

- دوو خوێندکار هاتن.
- خوێندکار  هاتن.

لە ڕستەی یەکەمدا، ( ژمارەی خوێندکارەکان ) دیار و جێگیرە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا نادیارە و نازانرێت، ژمارەی خوێندکارەکان چەندن.

4 – جێناوی نەرێ ( هیچ ) :

- هیچ کەس نەهاتووە.
- کەس نەهاتووە.
- واتای جەختکردن لە ڕستەی یەکەمدا هەیە و لە ڕستەی دووەمدا نییە .

5 – ئامرازی نیشانە :

ئەو کوڕە هات .

کوڕ هات.

ژمارەی ( کوڕ) لە ڕستەی یەکەمدا دیارە، کە تاکە و ناسراوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ، ژمارەکەی نادیار و نەناسراوە.

6 – ڕادە :

- هەموو منداڵەکان هاتن.
- منداڵەکان هاتن .

لە ڕستەی یەکەمدا ، ( جەختکردن ) لەسەر ژمارەی منداڵەکان گەیەنراوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا جەختکردن لەسەر ژمارەی منداڵەکان نەکراوە.

7 – ئامرازی پرس :

- چەند خوێندکار هاتن ؟
- خوێندکار هاتن ؟

لە ڕستەی یەکەمدا ، قسەکەر دڵنیایە و هیچ گومانی لە هاتنی خوێندکار نییە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا دڵنیا نییە ، کە ئایا خوێندکار هاتن؟ یان نا .

دووەم : دەرخەرەکانی دوای ناو :

ئەو کەرەستانەی ، لە فرێزی ناویدا، ئەرکی دەرخەر دەبینن و دەکەونە دوای دەرخراوەوە و کەرەستەیەکی تەواوکەر بن و بە لابردنیان بیر ، یان واتای جیاواز دێنە ئاراوە ، بریتین لە :

1 – ئاوەڵناو – adjective :

ئاوەڵناو ، یان فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا ، فرێزێکی سەربەخۆ و جیاواز نییە، بەڵکو هەمیشە لەناو فرێزە ناوییەکاندایە و دەبێتە بەشێك لێیان ، وەك :

- منداڵی زیرەك خۆشەویستە .
- منداڵ خۆشەویستە .

بەراورد لەنێوان ئەو دوو ڕستەیەدا، دەردەکەوێت، کە دوو بیری جیاواز گەیەنراون، لە ڕستەی یەکەمدا سنورێك بە دەوری ئەو منداڵانەدا کێشراوە، کە خۆشەویستن، ئەویش ( زیرەکی) یە، واتە جیاکاری خراوەتە ڕوو، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا واتایەکی گشتگیری دەربڕاوە و قسەکەر مەبەستی لە هەموو منداڵێکە بەشێوەیەکی گشتی.

2 – مۆرفیمەکانی ( ناسراوی ، نەناسراوی ، کۆ ) :

ئەم مۆرفیمانە واتای ڕێزمانی بەرهەم دەهێنن و سەرەڕای ئەو چەمکەی دەیبەخشن، واتای ژمارەیش دەردەبڕن ، وەك لەم ڕستانەدا ڕوونکراونەتەوە :

- کوڕەکە هات . ( یەك کوڕ بە ناسراوی )
- کوڕ هات . ( ژمارەی نادیارە و ناسراو نییە)
- کوڕێك هات . ( یەك بە ناسراوی )
- کوڕ هات . ( ژمارە نادیارە و ناسراو نییە ) .
- کوڕان هاتن . ( ژمارەی کوڕەکان لە یەك زیاترە )
- کوڕ هات . ( ژمارە نادیارە )

لە هەر یەك لەو جووتە ڕستانەدا، ژمارەی جیاواز بەدی دەکرێت، واتە جیاوازی نێوانیان لە لایەنی ژمارەی ( کوڕەکەوە ) یە .

3 – ئەو دەرخەرانەی ، هاوبەشی ڕۆنانی فرێزی ناوی دەکەن:

ناو ، یان جێناوە کەسییە سەربەخۆ یان ، کاتێك ئەرکی دەرخەری لە فرێزی ناویدا دەبینن، کەرەستەیەکی تەواوکەرن و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە داڕشتنی فرێزە ناوییەکاندا دەبێت و بە لابردنیان ، دروستەی فرێزەکان تێکدەچن، وەك لەم ڕستانەدا ڕوونکراونەتەوە :

- ماڵی ئێوە لە زانکۆوە نزیکە.

* - ماڵ لە زانکۆوە نزیکە .

- کوڕی تۆ هەموو ساڵێك بە یەکەم دەردەچێت.

* - کوڕ هەموو ساڵێك بە یەکەم دەردەچێت.

- برای ئاسۆ پارێزەرە.

* - برا پارێزەرە .

کردەکانی  کردار:

کردار بە هاوکاریی تەواوکەرەکانی، کردەیەك بە ئەنجام دەگەیەنێت، کە بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە پۆلدەکرێن (لە دیاریکردنی ئەو جۆرانەی کردەدا سوودم لە - ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، 2008: 57- 58 - وەرگرتووە) :

1- کردەی کردن .
2- کردەی بیرکردنەوە و پەیبردن .
3- کردەی پێدا هەڵدان و وەسفکردن.
4- کردەی بوون ( خاوەنداری ) .

1 – کردەی کردن : ئەو چالاکییانە دەردەبڕێت، کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات و بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێن :

أ – چالاکی بە ویست و ئارەزوو : مەبەست ئەو ڕووداوانەن ، کە مرۆڤ بە ویست و ئارەزووی خۆی دەیانکات ، وەك :

– وانەکە دەنوسم .
– زەوییەکەی ئاودا .
– ژوورەکەی پاککردەوە .

کرداری ئەم کردەیە ، داینامیکییە ، واتە چالاکی گەیەنە ، نەك بارگەیەن.

ب – چالاکی بەدەر لە دەسەڵات : ئەو ڕەفتارانەن ، کە مرۆڤ  ئەنجامیان دەدات، بەبێ ویست و ئارەزوو ، واتە بەدەرە لە دەسەڵات ، وەك :

– منداڵەکە دەکۆکێت .
– نەخۆشەکە هەناسە نادات .

2 – کردەی بیرکردنەوە و پەیبردن : ئەو کردانەن ، کە هەست و بیر و ناسینەوە و پەیبردن و بۆچوون دەردەبڕن و زیاتر لە ڕێگای هەستەکانەوە ئەنجام دەدرێن، وەك :

– حەز دەکەم ، (کە) لە گەڵتاندا بێم بۆ هەولێر .
– زانیم ، (کە) بە یەکەم دەرچوویت .
– ئەو من بە برای خۆی دەزانێت .

3 – کردەی پێداهەڵدان و وەسفکردن : ئەم کردانە ، تایبەتییەك دەدەنە پاڵ کەسێك ، یان شتێك ، یان پیشەی کەسێك دیاری دەکەن، دەکرێن بە دوو بەشەوە :

أ – ناساندن : کەسێك، یان شتێك لە ڕوانگەی سیفەتەوە دەخەنە ڕوو ، وەك :

– خانووەکە کۆنە .
– براکەت زیرەکە .
– شارەکە خاوێنە .

هەروەها کەسێك لە ڕوانگەی پیشەکەیەوە دەناسێنن :

– ئەو کوڕە پزیشکە .
– نەوزاد پارێزەرە.
– براکەم خوێندکارە.

ب – پەیوەندی : پەیوەندیی لەنێوان بکەر و تەواوکەرەکەیدا نیشاندەدەن، کاتێك تەواوکەرەکەی بکەر، بەهۆی گۆڕانی بکەرەوە ، هاتۆتە ئاراوە ، وەك :

– چیاکە سپی دەچێتەوە .
– کامەران زەرد هەڵگەڕا.
– دەشت و دەر سەوز بوو.

4 – کردەی بوون : بوونی بکەر، وەك کەس، یان شت نیشاندەدەن، هەروەها کەرەستەیەك بە بکەرەوە دەبەستنەوە، کە بکەر خاوەنیەتی، وەك :

– ئاسایش هەیە.
– ئێمە هەین.

ئەوان زەوییەکی گەورەیان هەبوو .

مۆدالکاری :

هەندێك جۆری کردار بە هاوبەشی تەواوکەرەکانی، هەست و بیر و بۆچوونی مرۆڤ سەبارەت بە ڕووداوێك، دیاردەیەك دەردەبڕن. لە زمانەوانیدا زاراوەی ( مۆدالکاری ) بۆ ئەم بار، یان دیاردەیە بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست ئەو ڕێگایانەیە، قسەکەر دەتوانێت بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی  بیانگرێتەبەر ( بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە : 1- جۆن لاینز ، 1987: 52 ، 2- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ، 2008 : 83-99 ) .

لێرەدا مۆدالکاری لە ڕوانگەی کردارە لێکدراوەکانەوە، شیکراونەتەوە و خراونەتە ڕوو، کە بووە بە پەیرەوێك بۆ پۆلکردنیان :

1 – کردارەکانی ویستن :

- ئارەزوو دەکەم ، بڕۆم .
- حەزی کرد ، (کە) بمانبینێت .

2 – کردارەکانی ڕێگە پێدان :

- دارا ڕێگەی پێدام ، (کە) ڕاو بۆچوونی خۆمی پێ بڵێم .
- ماوە هەیە ، (کە) بێیت بۆ لام.

3 – کردارەکانی هەستکردن :

- ئەوان وایان بە بیردا هات ، (کە) کارەکە بەجێ بهێڵن .

( Pro ) هەستی کرد ، (کە) باسی دەکەن.

4 – کردارەکانی پێویست و ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە:

- پێویست بوو ، (کە) سەردانی بکەین .
- ژنەکە ئامۆژگاری منداڵەکەی کرد، (کە) بخوێنێت.

5 – کردارەکانی پێشبینی کردن :

( Pro ) پێشبینی دەکەم ، (کە) سبەی باران ببارێت .

6 – کردارەکانی نیاز و پێشنیاز :

(Pro ) پێشنیاز دەکات، (کە) هەفتەی داهاتوو بچین بۆ سەیران.

7 – کردارەکانی گفت پێدان :

ئاکۆ بەڵێنی دا، ( کە) هاوکاریمان بکات .

ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتوون ، ئەمانەن :

1- پەیوەست بە تەواوکەرەکانی ناو فرێزی کردارییەوە، توانرا، پێڕەوێك بۆ کردار دابڕێژرێت، کە هەموو لایەنەکانی ڕوون بکاتەوە و ببێت بە بنەمایەکی پتەو بۆ لێکۆڵینەوە سینتاکسییەکان بەشێوەیەکی گشتی.

2- هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکەی ڕستە ( فرێزی ناوی بکەر و فرێزی کرداری )، تەواوکەری تایبەت بە خۆیانیان هەیە، واتە تەواوکەر لە دروستەی ڕستەدا، دەبێت لەسەر ئاستی ئەو دوو پێکهاتەیەدا شیبکرێنەوە و بخرێنە ڕوو.

3- تەواوکەر بە گشتی بۆ دوو جۆر پۆلدەکرێن : ( ڕۆنانی ) و ( بیری ) .

4- فرێزە پریپۆزیشنییەکان لەو ڕستانەدا، کە کردارەکانیان نەرێن، ئەرکی تەواوکەر دەبینن، چونکە دەبنە هۆی گۆڕینی بیر لەنێوان دوو ڕستەدا و بە لقکردنی کاتیگۆریی کردارەوە پەیوەست نین، واتە بەشێك نین لە فرێزە داواکراوەکانی کردار.

5- ئاوەڵناو ، یان فرێزی ئاوەڵناوی هەمیشە ئەرکی تەواوکەر لەناو فرێزی ناویدا دەبینێت، بە پێچەوانەوە، ناتوانێت لەناو فرێزی کرداریدا بە تەنیا ئەرکی تەواوکەر جێبەجێ بکات.

سەرچاوەکان


<u>بە زمانی کوردی :</u>

1- ئازاد ئەحمەد حسەین (2008)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا ، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

2- د. محەمەدی مەحوی، د. کاروان عومەر قادر، م. شیلان عومەر حسێن (2010)، دروستەی کردار، سلێمانی .

3- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (2008) ، ڕستە و پاش ڕستە ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

4- عومەر مەحموود کەریم ( 2004)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا ( کرمانجی خواروو) ، نامەی ماجستێر ، کۆلیجی پەروەردە - ئیبن رشد ، زانکۆی بەغداد .

5- فەرەیدون عەبدول محەمەد (2008)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا ، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

6- محەمەد عومەر عەول ( 2001) ، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خوارووا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

7- محەمەد عومەر عەول ( 2008)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارووا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

8- یوسف شریف سعید (1998)، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

بە زمانی عەرەبی :

– جون لاینز ( 1987) ، اللغه و المعنى و السياق ، ترجمه : د. عباس صادق الوهاب ، ط 1، دار الشؤون الثقافيه العامه ، بغداد .

بە زمانی ئینگلیزی :

1- Cook ,V. and New son , mark (1997) , Chomskys universal grammar , 2nd edition , Black well : Oxford .

2- Cruse, D. Alan, (2000) , meaning in language : An Introduction to Semantics and pragmatics , Oxford university press .

3- Crystal, David , (1993) , a Linguistics and Phonetics reprinted, 3ed edition , Black well , Oxford.

4- Crystal, David, (2003),A dictionary of linguistics and phonetics, 5th edition , Black well : Oxford .

5- Hageman ,Lillian , (1998) , Introduction to government and binding Theory , reprinted , 2nd edition ,Oxford : Black well.

6- Mathews, P.H (1997), The concise Oxford Dictionary of Linguistics, Oxford university press.

7- Radford , Andrew ,( 1997) , transformational grammar a first course , reprinted, Cambridge university press.

8- Trask , R.L.(1993), A dictionary of grammatical in linguistics , Rutledge , London.

9- U R L : http: //www.Silewp |2006|-006.html .

10- Van Valin , JR. Robert D. (2001) , An introduction to syntax, Cambridge university press .